**ماددەی دەیەم :-**

**یەکەم:** کرێی ئاو بەپێی بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە زنجیرەی یەکەمی خشتەی خوارەوە بەو نرخی لە بەرامبەر هەر جۆرێك دیاریکردوە ئەژمار دەکرێت.

**دووەم:** ئەژمار و وەرگرتنی کرێی ئاو بە (م٣) مەتر سێجا دەبێت بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە :

| زنجیره | جۆری بەکارهێنەر | بەکارهێنانی مانگانە ئەژمار دەکرێت بە (م٣) مەتر سێجا | | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م٣)یەک مەتر سێجا (ژمارە) | کرێ بە دینار بۆ هەر (١م٣)یەک مەتر سێجا (نووسین ) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | جۆر | بڕەکەی | | |
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون وە پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | أ. | لە ٠ تا ٥ | ٥٠ | پەنجا دینار |
| | | ب. | لە ٥،٠١ تا ١٥ | ١٥٠ | سەد و پەنجا دینار |
| | | ج. | لە ١٥،٠١ تا٣٠ | ٤٠٠ | چوار سەد دینار |
| | | د. | لە ٣٠،٠١ تا٦٠ | ٦٠٠ | شەش سەد دینار |
| | | ه. | ٦٠بەسەرەوە | ٢،٠٠٠ | دوو هەزار دینار |
| دووەم | پەرستگاکان | ١ | | ٥٠٠ | پێنج سەد دینار |
| سێ یەم | دام و دەزگا حکومیەکان | ١ | | ٥٠٠ | پێنج سەددینار |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | ١ | | ٧٥٠ | حەوت سەد و پەنجادینار |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازی وگەشتیاری وە وەبەرهێنان | ١ | | ١،٠٠٠ | یەک هەزار دینار |
| شەشەم | شووشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | ١ | | ٢،٠٠٠ | دوو هەزار دینار |

**ماددەی یازدەم :-**

کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**نەورۆز مولود محمد امین**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**ماددەی چوارەم :-**

**یەکەم:** ئەگەر هەڵە لە پێوانەی پێوەر هەبوو بەپێی ئاکاری تەکنیکی پێوەر ئەوا دەبێت پێوەرەکە چاکبکرێتەوە یان بگۆڕدرێتەوە تێچووەکەی دەکەوێتە ئەستۆی هاوبەش.

**دووەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی ئاو هەڵسێت بەخەملاندنی کرێی ئاو لە حاڵەتی ئاماژپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی کرێی ئاو بەتێکرای دوو خولی پێشوو، وە پسوولە بۆ ئەو کرێی یە خەملاندراوانە رێك بخات .

**ماددەی پێنجەم :-**

چاککردنەوەی پێوەر تەنها لە شوێنی چاککردنەوەی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان ئەو شوێنەی کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەستنیشانی دەکات ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی شەشەم :-**

پێویستە هاوبەش پاکانەی قەرزەکانی پێش بەرواری خوێندنەوەی پێوەر بدات لەبەڕێوەبەرایەتی ئاو بەپێچەوانەوە قەرزەکە دەخرێتە سەر پسوولەی کرێی ئاو لەژێر ناوی قەرزی پێشوو.

**ماددەی حەوتەم :-**

کرێی ئاوی ماوەی نێوان مێژووی بەدەستهێنانی مۆڵەتی دروستکردنی بینا یاخود نیشتەجێبوون لە شوێنەکە و مێژووی بەستنی پێوەرەکە لەسەر بنەمای نرخی دیاریکراو بەڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٣٨٩) لە ٢٠١٢/٨/١٥ دەبێت وئەم بڕە پارەیە دەخرێتەوە سەر پسوولەی کرێی ئاو وەك قەرزی پێشوو .

**ماددەی هەشتەم :-** وەرگرتنی کرێی ئاو بەپێی یەکەم خوێندنەوەی پێوەر دەکرێتە بنچینە.

**ماددەی نۆیەم :-**

هەر هاوبەشێك هەڵسێت بە دانانی هەر پێوەرێك جگە لە پێوەری پەسەندکراو یان هاوبەش ئامادە نەبوو لە کاتی دیاریکراو پێوەر ببەستێت ئەوا بەڕێوەبەرایەتی ئاو ئاگادارکردنەوەیەك ئاڕاستەی هاوبەشەکە دەکات بۆ ئەوەی لە ماوەی یەك خوول یەکێك لەپێوەرە پەسەندکراوەکان ببەستێت، بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەرایەتی ئاو بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر هاوبەشەکە کرێی ئاو تۆمار دەکات:

| ژمارە | جۆری بەکارهێنەر | لە یەک مانگ تاکو سێ مانگ دینار / مانگ | دوای سێ مانگ دینار / مانگ |
|---|---|---|---|
| یەکەم | شوێنەکانی نیشتەجێبوون و پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| دووەم | پەرستگاکان | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠،٠٠٠ |
| سێیەم | دام و دەزگا حکومیەکان | ١٥٠،٠٠٠ | ٣٠٠،٠٠٠ |
| چوارەم | کەرتی نیمچە حکومی وەبەرهێنان نەبێ | ١٧٥،٠٠٠ | ٣٥٠،٠٠٠ |
| پێنجەم | کەرتی بازرگانی و پیشەسازی وگەشتیاری وە وەبەرهێنان | ٢٠٠،٠٠٠ | ٤٠٠،٠٠٠ |
| شەشەم | شووشتنگە بە هەموو جۆرەکانی | ٢٥٠،٠٠٠ | ٤٥٠،٠٠٠ |